چەند بەشێکی تر لە قەسیدەی :

# چەند ساتێکی نیگەرانیی ئەنووسمەوە

بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا/کۆڵن
bhastiar@yahoo.de

:2006/9/21

ئەڵێی سێوێکین و نەکراوین بە دوو لەتەوە ،
یان دوو بانیژەی چۆڵ و هۆڵ ،
دوو ماری ئاشقە و ماشقە ،
جووتێك ئەستێرەی بێ شەوق ،
من و خۆم ، تەنها خۆمان ئەزانین لە چی ئەچین ! ؛
لە پارچەی گوللە تۆپێکی تەقیوی....
نێو مەیدانی شەڕێکی درێژ ،
درێژ ، چەشنی نیگەرانیی

: 2006/9/22
گوێمان لە یەك نییە ،
لە بێ دەنگیی زیاتر ، هیچ نابیستین ،
بێ دەنگیی کەڕی کردم !
زۆر وتن لاڵی کردم !

: 2006/9/23
لە تەڕبوون ئەترسین ،
کە باران دائەکات ، ئەبین بە نەعامە و
سەرمانی لێ ئەشارینەوە ؛
لە تاشە بەرد وشکترین ،
کەچی کە ڕەهێڵە ئەکات
دووپێمان ئەکەین بە چوار و

**هەڵدێییییییییین**

******

کەس هێندەی من لە مردن سڵ ناکاتەوە !
لە هەموو کەس زێتریش لە ژیان ئەترسم !
دوو شتی چەند عەنتیکە و سامناکن
دەبوایە جووتێك برای تەبا بن ،
کەچی خەنجەریان لە یەکتر هەڵکێشاوە !!

: 2006/9/24
لە میحنەتخانەکەی مندا بە بێ تۆ هەر برا رۆیە ،*
جەمالت پەیکەری ڤینۆسی خوای جوانییش ئەجووڵێنێ ،**
ئەوەندە دڵپڕم پێم خۆشە بگریم ،***
کە تۆ قیبلەی ، دەمت سا بێنە قوربان ؛****
ئەبینن چ ڕۆحێکی ئارامم هەیە !!؟
گریێیەکی چەندە ئاڵۆز !؟

: 2006/9/26
بەرزم کەرەوە بۆ ئاسمان ،
شۆڕم کەرەوە بنی قووڵترین دەریا ،
ئەوەی ئەیبینم یەك شتە ؛
مرۆڤ ، دڕندەترین مەخلوقە ،
زەلیلترین گیان لەبەرە ،
بێ تواناتر لە نەمامی بەر کرێوە !

*******

با ، هەموومان یاداشتەکانمان بنووسینەوە
من دڵنیام لاپەڕەیەك ئەپەڕێنین ....
پڕە لە حەقیقەتی سەرکز و
جورئەتی ئەتك کراو !!

: 2006/9/30
هەموو هاوکێشەکان لاسەنگن ،
چاوەکان تەنها بستێك پێش خۆیان ئەبینن ،
دڵان خورپەیان بۆ یەکتر لێ هەڵناسێت ،
ئەنگوستەکان ڕوو لە هەڵقرچانی یەکتر وەرئەگێڕن ،

به هەموویان پێ ئەکەنم ،
گریانم بۆ هەموویان دێت !!
*******

تۆ بڵێی بەرەو کوێم بەریت !
تۆ بڵێی بەرەو کوێم بەرێت !
تۆ بڵێی بەرەو کوێم بەرن !؟؟
********

نامەوێت کەسێك بە ئاگام بێنێت ،
ئەم وشکەخەونە ، زۆر خۆشە ،
ئەم وێڵ بوونە زۆر بە تامە ، زۆررررررررررررررر !!!!

: 2006/10/1
قسە لەگەڵ سێبەرەکەم و
تەوقە لەگەڵ وڕێنە و
قۆڵ بە قۆڵی سەرابا ئەکەم
*******

ئای چەند قەرەباڵغە ئەم چۆڵەوانییە !!
*******

لە دەرگا مەدە ، نا ڕەسەن
ئەو گەمەیەت زۆر ناشرینە ،
لێشت نەکەمەوە
تۆ کلیلی هەموو دەرگاکانت ....
لە بەشەر دزیوە

: 2006/10/2
زۆر ماندووم بە دەست خۆمەوە
خۆم لە دەشتێکی کاکی بە کاکی جێ دێڵم ،
لەو لاوە کافرباییێك ....
ئەمهێنێتەوە بەردەرگای ماڵەکەم

: 2006/10/4
ئەو پێڵاوانە سەرمایان ئەبێت ،

**خڕکە بەردەکانی کۆڵان ڕەق ئەبنەوە ،**
**ئەو کراسە بەو عەللاگەیەوە.....**
**ماندووبوون ئەیکوژێت ،**
**کورسییەکەم ئەخنکێت ،**
**دەرگاکان بە پێوە پشتیان ئەشکێت ،**
**خەجاڵەتم ، چۆن خەنییان کەم**
******

**هەتا بتوانم ئەدرێسەکەم ئەگۆڕم و**
**خۆم لە مردن ئەشارمەوە ،**
**بە خاتر خۆم نا ،**
**لەبەر چاوی ڕەشی تەنیایی ،**
**نەك لە بێکەسییدا پەنا بۆ خۆکوشتن بەرێت !!!**

: 2006/10/5
**هەتا ئەژنۆم لە قوڕی ،**
**هەتا سنگم لە قوڕی ،**
**هەتا سەرم لە قوڕی....**
**...... و**
**......و**
**.......دا ، چەقیوە**

: 2006/10/6
**ڕۆژێکم هەڵبژاردووە تیا بمرم**
**نە کەس پێ ئەزانێت و**
**نە کەسیش مەینەتبار ئەکەم ،**
**ڕۆژێکە ،**
**خودا بیری چوو بیخاتە ڕۆژژمێرەوە ،**
**منیش بە دزییەوە بۆ خۆم برد !**

: 2006/10/7
**بیری دایکم ئەکەم ،**
**ئەی ئێوە ؟**

*******

پێکەنین ، ناوی گریانی زڕاندووە و
کەسێکیش لێی ناپرسێتەوە !

*******

دنیا سەرەو ژوور ئەکەم ،
باڵەخانەی وەرزەکان دێنمە خوارێ ،
ژوورە بچکۆلەکانی هەفتە تێك و پێك ئەدەم ،
بۆ شتێك ئەگەڕێم ،
لە دووی ساتێك ئەخولێمەوە ؛
ببوورن ،.... فەرامۆشی کەن ،
خۆشم لەبیرم چووە .....
بۆ ئەم ئاشووبە گەورەیە ئەنێمەوە

: 2006/10/9
کەوتوومەتە چاوشارکێ لەگەڵ "ئەو " ،
بەڵام هەمیشە ....
من لە دوای ئەگەڕێم

******

پەڕە ڕەنگاو ڕەنگەکانی شیعر
بەشی داپۆشینی هەمووتان ئەکات ،
لە کچەجوانەکەی دراوسێمانەوە بیگرە ....
هەتا ...........................،
خۆم نەبێت !

*******

خەریکی چیت ؟
ژنەکەم وەهای لێ پرسیم ؛.
شرۆڤەی بێهوودەیی بۆ ژیان ئەکەم ،
وەها وەڵامم دایەوە

*******

هەبوو.. نەبوو
منێك هەبووم ،
زەمانێکم هەبوو ، درێژ ،
دوو دەستم هەبوو ، کورت ،
دوو چاوم هەبوو ، تیژ ،

**دوو گوێچکەی سووك ،**

**هەبوو.. نەبوو**

**" بەرزان هەستیار " هەبوو ،**

**بەڵام نەبوو !!**

: 2006/10/11

**نامەکان وەها دەست پێ ئەکەن**

**سڵاو** .......؛

**نامەکان وا کۆتاییان دێت**

**سەرکەوتوو بیت**.....؛

******

**ئەگەر بە کەرەمی خۆی رێم پێ بدات ،**

**لە تەنیشت گۆرەوییە بەرێزەکانمەوە ئەخەوم**

**بۆ ئەوەی بۆگەنی ئینسان کاسم کات**

******

**تۆ لە کوێییییییییییییییت ؟**

**بۆ نایەیت ژیان رووت.. رووت کەینەوە**

**بۆ ئەوەی بە پۆشناخیی خۆی نەنازێت**

: 2006/10/12

**من هەر لە ئەزەلەوە رقم لە داخستنی دەرگا و**

**داخستنی دڵ و**

**داخستنی چاو و**

**داخستنی دەروازە ئاوریشمییەکانی رۆحە**.....

**بەرووی پەروانە وردیلەکانی عاتیفەدا ؛**

**دەرگا ، دزەکان لەودیوی خۆیەوە حەشار ئەدات**

**دەرگا ، رووخساری پاڵەوانەکان ئەشارێتەوە**

**دەرگا ، بێ حورمەتیی دکتاتۆرەکان ون ئەکات**

**دەرگا ، خوێنی قوربانییەکان ئاودیو ئەکات**

**دەرگا** ...

**دەرگا**...

**دەرگا ، هەورێکی نزمە لە نیگەرانیی**

******

**ئەمەوێت خۆم لە دەفتەرێکی بچکۆلەی**

بەر باخەڵدا کۆکەمەوە
لاپەڕەکانی سەرەتا ، بۆ منداڵیی و
کۆتاییش ، بۆ پیریێتیی هەڵئەدەمەوە
لە نێوان منداڵیی و پیرییدا
ساڵانێکم لێ بزر بوون
پڕ.. پڕن لە گەمژەیی و
پەرت .. پەرت بوونی ....
پەڕەی گوڵاڵە ناسکەکانی خۆشنوودیی ،
تازە زەحمەتیشە......
بینینەوەی مووروووەکانی زەردەخەنە
لە ڕاڕەوە تاریکەکانی بەجێماندا

: 2006/10/13

دوودڵیی ، کردوومی بە تەنەکەی خۆڵ
لای دەرگای حەوشەوە نەبێت ، جێم نابێتەوە ؛
گومان ، تەخت و تاراجی تێکداوم !

: 2006/10/17

ڕەنگە مردنیش هەر نووستنێك بێت ،
بەڵام ، کەس ، بەیانی زوو هەڵمان ناسێنێت .....
بۆ کڕینی نانی گەرم ،
بۆ قوتابخانە ،
بۆ کار ؛
چ خەوێکی بەد فەساڵە !!!!

******

هەزار ئەوەندەم خۆش بوێیت ،
هەزار ئەوەندەت خۆش بوێم ،
ئەو ئەژدیهایەت بۆ ناکوژرێت .....
خوێنی پڕ کردووم لە ژەهری نیگەرانیی

: 2006/10/18

نیشتیمانەکەم ،
لە میزی جاسووسەکاندا غەرق بووە

******

ئێمه ، درۆ ئەکەین و
نیشتیمان ، له شەرما ......
خۆی ئەکات به ژێر عەباکەی دایکیا

: 2006/10/21
شەوان ئەچمه گیرفانی بیجامەکەمەوه
لەوێ ئارامترم چنگ ناکەوێت
*******
ئەی دڵ ، نەوەستیت ،
مردن به دواتەوەیه !!

: 2006/10/22
گوێ بۆ حەکایەتی خەمەکانی شل ئەکەم و
ئەگریم ،
به دیار سەرگوزشتەی مەینەتییەکانمەوه ڕاماوه و
فرمێسکەکانیم پێ ئەبەخشێت ؛
بنۆڕن ، چۆن زەلیل بوونێکه !!!!

: 2006/10/25
بمخوێننەوه ،
له چاوی قرژاڵ ڕوونتر و
ساکارترم ، له چیرۆکی بەر ئاگردان

: 2006/10/26
لێرەم ، کوێم بۆ ئەگەڕێیت !؟
له کوێیت ؟ هەموو کەونم له دووت تەی کرد !

: 2006/10/31
منەتم به کەس نییه گوێم لێ بگرێت
من بۆ خۆم گۆرانیی ئەڵێم و
نوکته ئەگێڕمەوه و
شیعر ئەنووسم و
جار نا جاریش باسی عیشق ئەکەم ،
سوپاستان ناکەم ،
ئێوه ، هەر بەشی خۆتان ئەکەن ،

بەلاّم من لە خۆم زیادم !!!!

******

لەوەتەی فامم کردۆتەوە
لە دوای ئەگەڕێم و نایگەمێ ؛
لە دەستم دەرناچیت ، ئەی شێتیی !

: 2006/11/1

وڕ و کاس بووم
ئەوەندە هاوار مەکەن ؛
وڕ و کاستان ئەکەم
ئەوەندە لە بێ مرووەتییتان ئەڤیژێنم !

******

" من "یێک لە نێوان دۆزەخ و بە هەشتا
" من "یێک بە دەست دوو فریشتەی خێر و شەڕەوە
" من "یێک لە کێشمەکێشی ....
چڕنووکەکانی مردن و
ئەنگوستەکانی ژیاندا ؛
پێم بڵێن ئێوە لە کام بەرن ؟؟

******

ئێستا ماڵەکەم بەسەرما ئەڕووخێت ،
ئەی ئەوە نیە هەموو دنیا لە جەنگایە !؟

: 2006/11/5

شان بە شانی یەك ئەڕۆین ،
سێبەرەکانمان تێکەلاّو بوون ،
وشەکانمان پێکەوە ئەبنە شەختە و
ورد ئەبن ،
گۆرانییەکانمان پێکەوە ئەبنە تارمایی و
ون ئەبن ،
کێ ئەزانێت ، کامیان من و
کامیان ، بووکە دارینەی پەراگەندەییە ؟!

**********************************

ئەو دێڕە شیعرانە لەم شاعیرانە وەرگیراون :

*مەحوی .

** ئەخۆڵ .

*** هێمن .

**** نالی .